# دیرۆک چاڤەرێی بەرهەمێ دوبلۆماسیا سەرۆکایەتیا کوردە!؟



فەهمی سلێڤانەی

دناڤ ڤان رویدان و گهۆرینێن مەزن دە، دانوستاندن و دیالۆکا لایەنێن دژ بەری یەک و، بگرەو ڤەکێشا وان لایەنێن بەرژەوەند خواز، کو وان بەرژەوەندا تێکەلی هەڤ بکەن و خوە بهێز بێخن و بەرامبەری بەرهەلستکارێن خوە راوەستن، ئەڤەژی چونکە مە بڤێت و نەڤێت ئەمێ دقۆناغا دوبلوماسیا شەرێ سارده دژین. ئەفجا ئەڤە قۆناغەکا زۆرا نازکە کوسەرۆکایەتیا مە کوردا، یافەرە بلیا قەت و شەفافیا دوبلۆماسی دناڤ ڤان کۆنگران دە بکاربێ داخوازێن گەلێ مە، بدەتە بەرچاڤ و بینتە زمان و روێی شارستانی و مرۆڤایەتیا خاک و نەتەوا مەیا کورد، دناڤ وان شەپۆلێن دوبلۆماسی دە، بۆ تەڤایا نوێنەرو سەرکردەیێن دەولەت و نەتەوێن جیهانێ و تەڤایا رێکخراوێن خودان بریارو کاریگەر، بگەهینن سەروێ شانۆیا دیالۆکێ! ئەز باوەرم دەرفەتێن بابەتی و خودی رۆژ ب رۆژ بۆ سەرکردەو نوێنەرێن دۆزا مەیا نەتەوا کورد بەر هەڤ دبەو یافەرە ئەو هێزو شیان وان سەرکردا هەبێ جهێ ڤێ نەتەوێ د دلێ تەڤایا خەلێ جیهانێ دە بچینێ، تاکو بێ ترس و ب باوەریەکا موکم ئەو خەلکا نە بەرژەوەندێن خوە تێکەلی بەرژەوەندا گەلێ مە بکەن، چ دوارێ ئابۆری دەو چ سیاسی و رەوشەنبیری و تێکەلیا کۆمەلاتی، ئەو دەرفەتانە بهتر دناڤ سیمایێ کۆرو سمینارو کۆنگرێن مەزن دەو، برێکێن دوبلۆماسی پرس گرێکا دۆزا خوەیا رەوا چارەکەن و ژڤان مەترسیا رزگار ببەن، یێن کو دەولەتێن هەرێمی بەر دەوام گەفو گورا بۆ خوە لسەر ڤێ دەست کەفتا باشورێ کوردستانێ و ئەز مۆناوێ یادیرۆکی و زێرین دکەن، دیسان مە بڤێت و نە ڤێت هەردوو هێزێن سەرەکی یێن کوردستانێ، بەرپرسیارن لسەر هەر رویدانەکا پۆزەتیفی و نیگەتیڤی بێ، دوارێ سەرکەتن و شکەستێن دە! چونکە ئەون دەست هەلات و توپەیا یارێی ئیرۆ لبەر پێتوانەو یافەرە ئەو گۆلا خوە ل دوژمنێن خوە بکەن، نەک دوژمن لوان بکەن. ئەز باوەرم دڤی چەرخێ پێشکەفتیدە چو کەس نینە نەبینێ و نەبهیسێ د هەمی دەزگەهێن راگەهاندنێ دە، چ لاپەرێن رۆژنامەو سایتێن ئانترنێت و ئاسمانێ میدیان دە، کاکی خودان هەلویستەکێ پیرۆزو مرۆڤایەتی و پالپشتێ دۆزا خوەیا رەوایەو، کی پیلانگێرو خوە فرۆشە، بەری چەند رۆژەکا لایەنێ کو خوە ب کەمپا سوسیالزمێ و وەک هەڤی یێ و پال پشتێ نەتەوێن بندەست و بەر بەندێ سەرەکی یێ کەمپا ئیمپریالزما سەرمایەدار، ئیگۆر ئیڤانۆف بناڤێ حکومەتا خوەیا رۆسی بسەردانەکێ رابو، بۆ تورکیە ژبۆی دەرفەتا کو ئیرۆ ئەو لوان دبینێ، ئەڤەژی هەر بپەلەبوو، داکو وێ دەرفەتێ ژ دەست نەدێ! ل ئەنجامێ شەرێ راگەهاندنێ بویە دناڤ بەرا سەر کردەێن تورک و کورد دە، ئەو دوێ باوەرێ دانەو، لسەر وێ گۆمانێ نە، کو بۆشاتیەک دناڤ بەراگرێدانا تورکیاو ئەمەریکا دە پەیدابویە ئەفجا نێچیرا پەیڤێن گرانێن جەنەرالا تێن تورکیا بو، کو وان لۆما خوە بهتر پالدانە سەر ئەمەریکا تاکو سەرۆکێ هەرێما کوردستان ب پشت گەرما وان رابێ دوان پەیڤا دە دیار بو بۆ رۆسی یە کو پەیوەندی لسەر دۆزا مەیا نەتەوا کورد دناڤ بەرا تورک و ئەمەریکا دەها تیە شیلاندن، بتایبەت پشتی ئەمەریکا هەلویستێ خوە دایە دگەل کوردان دە دژی تورکا، هەرچەندە هەلویستەکێ گومان لێکری بو چونکە زۆرێ لاوازبوو ئەڤە ئەو نێچیرەبو کو ئیگۆر ئیڤانۆف بۆ داگرتنا وێ بۆ شاتیێ بسەرە دانا تورکیا رابو وپاشێ هەلویستێ حکومەتا خوە یا روسی دایە رۆنکرن کو ئەو ژی بهەمی هێزو شیانێن خوە ڤە رازی نابن دەولەتەکا کوردستانی بهێت ئاڤاکرن، ئەفجا ئەم هیڤیدارین و ئومێدا مەژی ئەوە دوژمنێ مە خوە توشی ستراتیجەکێ دیماگۆ چێ بکەت و، وەکی رژێما شاهێ ئەیران و سەدامێ گۆربەگۆر بەرەو کەمپەکا دژی رۆژئاڤاو ئەوروپا ڤە بچیت و خوە ژی بگەهیننە ناڤ رێزێن وان دکتاتۆران دە، هەلبەت هەلویستێ رۆسی یە لسەر دۆزا مە کوردا یێ بیانی نینەو ئەم سەر سورما نابین ژوان رەفتارا، چونکە روسی یە دخوازن دیرۆکێ بەرەو کۆمارا مهاباتێ ڤەگێرن و، یافەرە بێژم کولاپەرێن رەشێن دیرۆکێ دژی نەتەوا مەیا کورد ژ ئالێ رۆسی یە ڤە زۆرن و، نابێ ئەم دناڤ ڤان لاپەراندە لسەر راوەستین. بەلێ ئەم زۆر کەیف خوەشین کو ئیرۆ دیرۆک هیچ هێزەک ل جیهانێ نینە بەرەو پاشڤە ڤەگێرت، چونکە دۆزا مەیا کورد گەهایە ڤێ موعادەلێ سەر ئاستێ جیهانێ، ئیرۆ ئەو موعادەلە هاتییە راگرتن و سەنگ بۆ ٤٠ مەلیون کوردا هەیە! کا دا دیسان ڤە گەرین رۆژەڤا ئیرۆ و ئەوبانگەوازی یێن کو ژ ئالێ لایەنێن خودان هەلویست و قورساتیا موعادەلا جیهانێ راگرتین، بتایبەتی دناڤ بەرا رۆژئاڤاو ئەوروپا دە، ئەوژی ئیتالیایەو ئەم باش دزانین دەرچوێین قوتابخاناوێ ئیرۆ زۆرن کوبو ینە سەرۆکێن وەلاتاتێن گەرناس وەکو محەمەد کارزای بویە سەرۆکێ ئەفغانستانێ زۆرێن دن وەک وی هەنە مە لبەر چاڤە کو ئەڤە چەند رۆژەکا سەرۆکێ هەرێما کوردستان کاک مەسعود بارزانی هاتیە دا خوازکرن بۆ کۆنگرەیەکێ ژ ئالێ حزبا دیموکراتا ئیتالیا ڤەو بەلکی دەرفەتەکا ئێکجار مەزنە ل گەل وان کەنکە گرێدا کورد بگەهینت ئارمانجا سەر خوە بونێ و گرێنێ یا هەلویستەکێ راستەو خوژوان وەربگری دژی هەر کارەکی دن، کو ژ ئالێ دوژمنێن داگیرکەر یێن کوردستانێ ڤە بینێ سەر ڤێ دەست کەفتێ و یافەرە بێژم زۆر دەرفەتێن دی مە لپێش هەنە کو ئەم دۆزا خوەیا رەوا بەپالەوانیەکا دوبلۆماسی بدەینە پێش چاڤ، ژوان دەرفەتا دیسان کۆنگرێ شەرم الشیخ ل مسری و کۆنگرەیەک دن ل سویسراو بەلکی بدەهان دەرفەتێن دن هەنە، بلا ژبیرنەکەین دیرۆک چاڤە رێێ بەر هەمێ دوبلۆماسیا سەرۆکایە تیا کوردە! ئیرۆ بارودۆخێ عێراق دناڤ ستراتیجیا نوی یا ئەمەریکاو پلانا ئاسایشا وان دە، بهتر تەقین و خوە کوژی ژ ئالێ تەرۆرست و لایەنێن گرێدای دەولەتێن هەرێمێ ڤە عێراقێ بەرەو کا ڤلو وێرانکارێ دبەلگۆر تێگەهشتنا من ئەمەریکا یێدی ئەو شیان نینە سنورەکێ بەرامبەری ڤان کارا دەینێ، نەبوان دیوارێن کلاسیکی کو چاڤ ل دیوارێ بەرلینێ و ئیسرائیل و فلەستینان بکە، شیعەو سنا لبەر چاڤێن یەکتر ڤە شێرن یەکتر نربین و دناڤ وان دە زیندانی بکەن، نەبسیستەمێ دکتاتۆرەکێ عادل یان زالم و، نەبدیموکراسی بونێ چارە دبەو لگۆر بیروباوەرێن مە تەنها پارچە بونە دەرمانێ برێنێن هندە مەزن و کویر. بەلێ دیسان ئەزێ ڤەگەر سەر گۆتارا سەرۆکایەتیا کوردا کوجهێ داخی یە دڤێ داویێ دە خویابو نەیەکو من تەمەنا دکرو نەک تەنها حەزامنە، راستە حەزو شیان یافەرە دگەل یەکتردە گونجای بن، بەلێ حەز تشتەکەو شیان تشتەکێ دی یە، من حەزدکر ئەگەر گۆتارا سەرۆکاتیا کورد یەک بایە، دوارێ دوبلۆماسی دە یەک توندبایە یێدی سست با، یەعنی سیاسەتا (شد و ارتیخاء) دگەل دەولەتێن هەرێمی و جیهانی بکار ئینابایە ژ لایێ هەردوو سەرۆکا ڤە، بەلێ ئەز دبینم بەرۆڤاژی وان حەزا گۆتارا وان یەک نینەو رەشبینم ژ شکە ستنا دوبلۆماسیا وێ سەرۆکایەتیێ، یان ئەگەر یەک ژوان سەرکەتنێ بدەستڤە بینێ زۆر نێزیک دێ ئەو بەرهەمە خویابێ و سەرخوە بونێ راگەهینێ و پالپشتیا زۆر دەولەتێن زلهێز بدەستڤە ئینێ،دوێ دەمێ دە نەک پەیگەرەکێ دێ بۆ خوە ئەو سەرۆکە ئاڤاکێ بەلکی هەمی چیاێن کوردستانێ دێ بۆ وی بتە پەیگەر.

# دیوارەکانی بەغداو بەرلین و فەلەستین



م/نەوزاد حسێن

سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و دۆستەکانی کە ئەوکاتە نوێنەرایەتی چەپی سیاسەتیان دەکرد لەجەنگی جیهانی دووەم و تێک شکان و رووخانی دەسەڵاتی هیتلەر لە ئەڵمانیا، ئەگەرچی سەرکەوتن و رزگاربوون و کرانەوەی دەرگایەکی نوێ بوو بۆ هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی کە بەدەستی ئەو دیکتاتۆرەوە دەیام ناڵاند، بەڵام دیسان دروست کردنی زیندانێکی گەورەی بلۆکی رۆژهەڵات بوو بۆ ئەو وڵات و شوێنانەی کەپریشکی بۆ چوونە کۆمۆنیستییە دیکتاتۆرییەکەی ستالین گرتبوویانییەوە، بۆیە هەموو ئەو وڵاتانە تەنها لەرووی سەربازی و تەکنۆلۆژیای سەربازییەوە نەبێ هەتا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و گۆرانی دسەڵاتی سیاسی زۆربەیان هیچ پێشکەوتن و مەدەنیەتیکیان بەخۆوە نەبینی، تەنانەت خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەوەندە سەرکوت و دابڕاو کرابوون لە جیهانی دەروەیان، کاتێ دیوارە دەسکردەکەی شاری بەرلینیان رووخاندو بە ئازادی پەرینەوە بۆ بەلینی رۆژئاوا چاویان بەدنیای مەدەنیەت و پێشکەوتن هەڵهێنا لەخۆشیاندا باوەشیان بەیەکترا دەکردو دەگریان، وەکو ئێستای کۆرییەکان و قوبرسییەکان کەچۆن تووشی هەمان حاڵەت بوونە. ئەو دیوارو سنورە دەسکردانە لەنیادا ئەگەرچی وجودیان زۆرەو دەسکردی دەستی کۆمەڵێ داگیرکەرو دیکتاتۆری لەخۆ باین و بۆ مەبەستی سەرکوت کردنی گالان، دروست کراوان بەڵام سەرەنجام ناتوانن رێگا لەئازادییە مرۆییەکان بگرن و هەتا سەر سیاسەتی چەوتیان بەسەردا پیادە بکەن. دەوڵەتی سەڵەستین کە بەپشتیوانی بەریتانیاو ئەمەریکا لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە هێواش هێواش داگیرکرا، سەرەرای ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە سەربازی و مەدەنیەی کەلەوێ هەیە، سەرەرای ئەو توانا دارایی و دەوڵەمندییەی کە ئەوان هەیانە، سەرەرای ئەو هەموو دڵسۆزییەی کە یەهودییەکانی دنیا هەیانە بۆ ئیسرائیل، سەرەای ٦٠ ساڵی پڕ کوشتو کوشتار. ئینجا گەیشتە بڕوایەک کەتیرۆرو بەرگری کردن وا بەئاسانی کۆتایی نایەت بۆیە بریاری دروستکردنی دیواری لێک بڕکردن و لێک دابڕانی دا لەنێوان خۆیان و عەرەبەکان کەبەمەش کۆمەڵی نێودەوڵەتی زۆر نیگەران بوو، وە نارەزاییان دەربڕی بەڵام سودێکی ئەوتۆی نەبوو.. ئەڵێن (حەجاجی کوری یوسفی سەقەفی) لەکاتی خەلافەتی ئیسلامدا بۆیە کرا بەوالی عێراق چونکە بڕوای وابوو ئەو پەیامەی لە ئەم دەیبات بۆ خەڵکی عێراق قابیلی مشت و مڕنییە، هەرکەس جێبەجێی کرد ئەوا دڵسۆزی ئیسلام و خەلیفەیە، هەرکەسیش جێبەجێی نەکات دەبێ لەملی بدرێ بەراستیش هەروای کرد، بۆیە مێژوو رەحمی پێ نەکردووە.. دوای ئەو سەدان ساڵە لەحوکمی ئەو پیاوە خوێن رێژە، دوای ئەو هەموو ئەزموونە سیاسی و سەربازییانەی دنیا، تازە بەتازە ئەمەریکا دەیەوێ مێژوو دووبارە بکاتەوە لەبغدا.. ئەمریکا کەلدوای داروخانی بلۆکی رۆژهەڵات خۆی بەتاقە زلهێزی دنیا دا،وای زانی چیتر کەس نییە دەست بخاتە پێشی و دنیا بۆ تەختبوو، بەڵام نەیزانی لەناکاو تووشی گەورەترین لێدان دەبێ لەلایەن هێزێکی ئیسلامی رۆژهەڵاتی نهێنییەوە کە سەرجەم ئەو بەهاو نەرێتانە دەداتە دواوە کە لەکۆمەگەیەکی رۆژئاوایی یەک نەگرتووی پەروەردەکراوی دەستی یەهودەوە بەرەو ناوچەکە دهێن.. ئەم ملە ملانێیە ئەمریکاو سەرجەم گەلانی رۆژهەڵاتی خستە جەنگێکی درێژ خایەنەوە کە دەربازبوون تیایدا بۆ ئەمریکییەکان زۆر ماحاڵە سەبارەت بەوڵاتێکی فرەنەتەوە و رەگەزو مەزهەبی وەک عێراق ئەمریکا لەسەر کۆمەڵێ زانیاری هەڵەی مخابەراتی بڕیاری لادانی حزبی بەعسی داو بەڵێنیدا حکومەتێکی دیموراسی لەسەرەوە دابمەزرێنێ و دوایی شۆری بکاتەوە بۆ ناوجەماوەرو وڵاتەکە بکات بەنموونەی وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهان هەتا گالانی ناوچەکەش چاویان لێ بکەن و حکومەتەکانیان بگۆرن.. بەڵام هاتنی ئەمریکییەکان بەو شێوە سەربازییەو بەو بڕیارە نادیموکراتیانەوە کەهیچ نرخ و بەهایەکی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتەو ئاین و نەتەوەکانی نەهێشتەوە هەر لەسەرەتاوە ئەمریکییەکانی تووشی شۆک کرد بۆیە هەرجار ناچارێ حاکمێکیان دەگۆرێ راستە رووخانی بەعس کرانەوەی دەرگایەکی نوێ بوو لەسەر ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی وڵاتەکە هەتا دەسەڵاتێکی نوێ هاوچەرخانە لە عێراق دابمەزرێنن، بەڵام بەهۆی کاریگەری موخابەراتی ئەمریکا لەناو خودی ئۆپۆزسیۆن دواتریش بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بەرامبەر هەر بڕیارو یاسایەک کە عێراقییەکان دەری دەکەن و لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان ناگونجێ بووە هۆی کردنەوەی دەرگای شەرو تیرۆرو ئاگرو خوێن لەوڵاتەکەدا. ئێستا ئەمریکییەکان هەست دەکەن تووشی سێ شکستی گەورەبوونەتەوە بۆیە ناچارن بەهەر پینەو پەرۆیەک بێت چارەسەرێک بۆ رەوشەکە بدۆزنەوە. یەکەم: نەیتوانی عێراق بکات بەدەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی هەتا بەو هۆیەوە بتوانێ گۆرانکاری لەرژێمەکانی ناوچەکە بکات پێگەی خۆی لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست بەهێزبکات، بەپێچەوانەوە دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەتایبەتیش ئێران لەوپەری خۆ بەهێزکردن و پێشکەوتندایە بەرامبەر ئەمریکییەکان، کەواتە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە هەرەسی هێناو بەو پێیەش ئیسرائیل دەبێ بچێتە قۆناغێکی نوێوە کەبەرگری و خۆ گرمۆڵە کردنە نەک هێرش بردن. دووەم: دەرکەوت کە هێزی مارێنزی ئەمریکی و چەک و کەرەسە سەربازییەکانیان لەشەری تیرۆردا ئەوەنین کەئەمریکا لەرۆژی تەنگانەدا پشتی پێ ببەستێ مەگەر گێ نەدات بەکوشت و کوشتارو تەرو وشک پێکەوە بسوتێنێ ئینجا بتوانێ شتێ بەشتێ بکات کەئەوەش زۆر دوورە لەبەها ئەخلاقییەکانی ئادەمیزادەوە. سێیەم: بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی ناو ئەمریکییەکان خۆیان بەتایبەتیش کۆمارییەکان، بەهۆی خەرج کردنی بودجەیەکی زۆر بۆ ئەو شەرەو کاریگەری لەسەر بازاری ئەمریکی و دواتر کوژرانی سەربازێکی زۆرو تێک چوونی باری دەرونی ئەمریکییەکان ودیارنەبوونی دوای رۆژی شەرەکە، جگە لەوانەش سەرنەکەوتنی پیلانی ئەمنی شاری بەغدا، هەموو ئەوانە پێکەوە حکومەتەکەی سەرەک بۆشی نیگەران کردووە بۆیە لەم دواییەدا بەناچاری بڕیاری داوە کەدیواری جیاکەرەوە لەنێوان گەرەکەکانی بەغدا دروست بکات، ئەمە جگە لەوەی گەرانەوەیەکە بۆ مێژوویەکی تاڵی سەرنەکەوتوو. نیشانەیەکیشە بۆ شکستی ئەمریکا کەدەیەوێ کە بەپارەی نەوتی عێراق، خودی عێراقیەکان بخاتە زیندانێکی گەورەوە، ئاماژەکانیش وای پیشان دەدەن ئەم پیلانەش وەکو ئەوانی دیکە شکست دێنێ و عێراقیش بەرەو دابەش بوون دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەناوچەکە هەنگاو دەنێ.

